# پیـــــــــــاوێك لـــــــه گـــــــــەورەیی

## ڕێزونازی ماندونەناســــــــــــــان ســــــــــــــەرسەرم

## لەداخی شـــــێرانی بەرسیێبەرئاوســـــــــــــــــــــــا سەرم

ماموٚستا نەجیب

**عومەرمحەمەد**




ماموٚستا نەجیب گەرمیانی ئەو پیاوەی هەموو تەمەنی بەگەورەیی‌و ملکەچ نەکردن بردە سەر، لەسەرەتای هەفتاکانەوە پەیمانگەی ماموٚستایانی تەواو کردبوو تا نسکوٚی 1975 یەکێك بووە لە کادیرە چالاکەکانی شۆڕشی ئەیلول، دوای ئەوە چووەتەوە مەیدانی پەروەردەو بوٚیەکەمین جار لە قوتابخانەی بازیان دامەزرا، لە ناحییەی تەینالٚ بووە ماموٚستایەکی لیٚهاتوو، ئەو هەمیشە خەمخوٚرێکی نەفەس درێژی قوتابیە هەژارەکانی دوٚلی بازیان بووە، هاوکات خەمخوٚرێکی هەموو هاورێ‌و دوٚستەکانی بوو، من گەلێك هاورێی خوٚشەویستم هەیەو زوٚریشم لەدەست داون، بەلاٚم بیٚهیچ زیادەڕوٚییەك هیچ کەسێکم نەبینیوە هێندەی ماموٚستا نەجیب خەمخوٚری مروٚڤوهاورێکانی بێت، هاورێ لای ئەو واتایەکی قولی ئینسانی هەبوو، هەربوٚیە کورە ناوەندیەکەی ناونابوو( هاورێ ).

ماموٚستا نەجیب رۆشنبیرێکی گەورەو کەسایەتیەکی کوٚمەلاٚیەتی ناسراوبوو، هەمیشە خەمی گەرمیان‌و کوٚستی ئەنفال لە لەگەلٚیدا ئامادەبوون، هەرچەندە پرسەکەی قەرەبالٚغ‌و شایستە بوو بە گەورەیی خوٚی، بەلاٚم راگەیاندنەکانی کوردی لە ئاست مەرگیدا خەمساردوو کەمتەرخەمبوون، ئەگەرچی چیروٚکنوسێکی باش‌و ئەندامی یەکیتی نوسەران لقی کەرکوکیش بوو، کەچی قەلەٚمەکانی ئەو یەکێتییە هیچیان لەبارەیەوە نەنوسی، ماموٚستا نەجیب گەرمیانی یەکێك بوو لە خەمخوٚرە هەرە چالاکەکانی سالنٚامەی ئەنفالستان، ئەولە گەشتێکی تاقەت پروکێندا بە دوای نوسینەوەی برینی ئەنفالەکاندا بەنەخوٚشی‌و تەمەنی هەلٚکشاوییەوە ورەی دەدایە بەرئێمەو دەیگوت نەك هەرماندوو نیم واهەست دەکەم بەرەو گەنجێتی‌و چاکبوونەوەی نەخوٚشییەکەم دەچم، لەگەلٚ هەر پیرەمێردێکدا دەکەوتینە دوان بە شێوە زمانی گەرمیانیەکەی پەردەی ناموٚیی لە نێوان ئێمەو کەس‌وکاری ئەنفالکراوەکان هەلٚدەمالٚی‌وحوزنی هەموومانی ئاوێتەی کارەساتێك دەکرد کە لەدنیادا بەئەنفال ناسراوە، پاش ئەوەی لە گەشتەکەمان گەراینەوە بەردەوام لەسەرخەت بوو، کوٚمەکی مادی بوٚ ئەنفالستان کوٚدەکردەوەو تا دواستوونی نەخشە سازی سالٚنامەکە بەتەلەفوٚن ناوی ئەو کەسە خەمخوٚرانەی پێرادەگەیاندین کە کوٚمەکی مادی سالٚنامەکەیان دەکرد، بەداخێکی زوٚرەوە لەو سەرقالٚییەماندا ناوی چەند بەرێزێکم لەیاد چوو بوو، هەرچەندە دواتر لەهەفتەنامەی (**کەرکوکی ئەمروٚدا**) ناوی ئەو بەرێزانەمان بلاٚوکردەوەو داوای لێبوردنمان لێکردن، بەلاٚم ماموٚستا نەجیب ئەم هەلەٚیەی منی لەیاد نەدەچوو، هەر دەیووت‌ودەیوتەوە (ژمارەی داهاتوو دەبێت لەجیگەیەکی تایبەتی ناویان بنوسی ئەوانە خەمخوٚری ئەنفالن) ئەوانە مەردن.

ماموٚستا نەجیب ئەندامێکی چالاکی ( ناوەندی هەلەٚبجە لەکوردستان -چاك) بوو، بەداخەوە هەموو تەمەنی ئەندامێتی لە ناوەندی چاك مانگێکی تەواو نەبوو، بەلاٚم کارەکانی بوٚ رێکخراوی چاك گەلێك گەورەبوون، گرنگترین کاری ماموٚستا

**دەرهێنانەوەی سورەت قەیدی ئەو هەژدە پاکیزەیەی گەرمیان بوو کە لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکی خۆی گرتبویانە ئەستۆ، بە داخەوە مەرگ مەودای نەدا لەگەڵماندا بمێنێتەوە، دڵنیام لەمەرگی مامۆستادا هەمووومان زەرەر مەندبووین، لە پێش هەموومانەوە گەرمیان و ناوەندی چاك و ساڵنامەی ئەنفالستان.**

**بەرێز بێت مەرگی مامۆستا نەجیب گەرمیانی.**